# بانگەوازی پەیوەندی کوردی دژی جینۆساید
## بۆ خۆپیشاندانی 21-8 لە بەردەم باڵوێزخانەی عێراق لە ئۆتاوا

ئازادیخوازان،مرۆڤدۆستان، رەوەندی کوردی لە کەنەدا:
بانگاوازتان دەکەین بۆ بەشداریکردن لە خۆپیشاندانی بەردەم باڵویزخانەی عێراق، بەبۆنەی یەکەم رۆژی دادگایی کردنی سەدام حسین و سەرانی رژیمی بەعس، بەتاوانی ئەنفالی گەلی کورد.
با بەئامادەبوونی هەرچی زیاترمان هەوڵ بدەین:

1- ئەنفال وەک تاوانی جینۆسایدی گەلی کورد بە فەرمی بە جیهان بناسرێت و تاوانبارانی وەک نەخشێنەرو جێ بەجێ کەری کردەی جینۆساید دادگایی بکرێن، نەک تەنها وەک دیکتاتۆرێک.

2- داوا لە دادگای تایبەت بە ئەنفالی گەلی کورد بکەین کە بۆ دادگایی تاوانباران پشت بە یاسا وچارتەرە نێودەوڵەتیەکانی تایبەت بە جینۆساید،کۆکوژی و ژێرپێخستنی مافی مرۆڤ ببەستێت.

3- فشار بخرێتە سەر دەوڵەتی ئێستای عیراق بۆ بە فەرمی ناسینی تاوانی جینۆساید دژ بە گەلی کورد.

4- ناچارکردنی دەوڵەتی عیراق بە داوای لێ بووردن کردن لە کورد بەرامبەر ئەو تاوانانەی بەدرێژایی بوونی دەوڵەتی عیراق بەرامبەر کورد ئەنجامدراوە.

5-ئەنجامدانی دادگایی کردنی تاوانباران، یان چەند بەشێکی دادگایی کردنەکان لەو ناوچانەی کوردستان کە بەشێوە یەکی راستەوخۆ بونەتە قوربانی تاوانی جینۆساید، ئەنجام بدرێت .

تکایە لە کات و شوینی خوارەوە ئامادە بن:

**In Front of the Iraqi Embassy 215 McLeod Street- Ottawa**

تێبینی/ بۆ زانیاری زیاترو چۆنیەتی گواستنەوە پەیوەندی بکەن بە

جەمال محمود: cell : 416-826-3433
Home: 416-265-5733